## لەشاری خورماتوو

# وەزیری نیشتەجێکردنی عێراق فەرتەنە دەنێتەوە

### تایبەت بەدەنگەکان لە ( سامان کەریم )ەوە

وەزیری نیشتەجێکردنی عێراق و پاسەوانی، لەناو شاری خورماتوودا و لەوێستگەی بەنزین وەرگرتندا فەرتەنەیەکی گەورە دەنێنەوە.

ڕۆژی 2005/11/25 دوو ئۆتۆمبێلی جۆری (مۆنیکا) بەکۆمەڵێك چەکدارەوە، کە بریتین لەپاسەوانەکانی وەزیری نیشتەجێکردنی عێراقی، لەکاتێکدا دەیانەوێ بەناوی وەزیرەوە بخوڕن و بەنۆرە بڕێ و بەبەرچاوی ئەو خەڵکەوە، کە چەندین کاتژمێر بۆ چەند لیترێك بەنزین وەستاون، لەبەنزینخانەی شاری خورماتوو ئۆتۆمبیلەکانیان پڕ بکەن، بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت و پاسەوانەکانی بەنزینخانەکە نۆرەبڕیی ئەوانیان پێقبوڵ نابێت. کەچی پاسەوانەکانی وەزیر، دەکەنە دەمەقاڵێ و فیشەك لێخوڕین و تەقەکردن لەگەڵ پاسەوانەکانی بەنزینخانەداو ئەنجامی تەقەکردنیشیان منداڵێکی شەش ساڵانە، کە نزیکی ڕووداوەکە دەبێت، دەبێتە قوربانی" بۆیە پاسەوانەکانی بەنزینخانە، پەیوەندی بە (حرس الوگنی)ی ئەو شارەوە دەکەن و ئەوانیش بە هێزێکەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی فەرتەنەکە دەگەنە ئەو شوێنەو پاسەوانەکانی وەزیر، کە سەرپێچیان کردووە سزا دەدرێن. لەم میانەیەشدا، خودی وەزیر (کە تورکمانێکی خەڵکی شارەکەیە) بۆ پشتگیری لەپاسەوانەکانی دەچێتە قایمقامیەتی شار، بەڵام هێزەکەی (حرس الوطنی) گەمارۆی بینای قایمقامیەتیش دەدەن، تا ئەنجام وەزیر دان بەسەرپێچی پاسەوانەکانیدا دەنێت.

بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵیش لەخورماتووەوە، هەردوو (مۆنیکا)کەی جەنابی وەزیر لەو فەرتەنەیەدا تیاچوون و لەلایەن کەسانی نادیارەوە فڕێنراون.